وەزارەتی دەرەوەی ئێران ئیسرائیل تۆمەتبار دەکات بە هۆکاری تەقینەوەکانی لوبنان

وتەبێژی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران، کردەوەی تەقینەوەکانی لوبنان و بە ئامانجگرتنی ئەندامانی حیزبولڵای لوبنانی بە تەقاندنەوەی ئامێرەکانی پەیوەندی پەیجر، بە نموونەی کوشتنی بەکۆمەڵ زانی و بە توندی ئیدانەی کرد.

ناسر کەنعانی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران وتی: ئۆپراسیۆنی تیرۆریستی لە لوبنان وەک درێژەپێدەری ئۆپەراسیۆنەکانی ڕژێمی زایۆنی و بریکارە بەکرێگیراوەکانیان ئەنجامدراوە و پێچەوانەی هەموو بنەما ئەخلاقی و مرۆییەکان و یاسای نێودەوڵەتییە.

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئێران دەشڵێت: ئەم کردەوەی تەرۆریستییە کە لە ڕاستیدا جۆرێکە لە کوشتنی بەکۆمەڵ، جارێکی تر بە ڕوونی دەسەلمێنێت کە ڕژێمی زایۆنی جگە لە ئەنجامدانی تاوانی جەنگ و جینۆساید دژی گەلی فەلەستین، هەڕەشەیەکە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

دوێنێ چوارشەممە، ماتیو میلەر، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەبارەی ئەم ڕووداوە کە بووە هۆی کوژران و برینداربوونی سەدان ئەندامی حیزبولڵای لوبنان ڕایگەیاند:

پەیوەندیمان بە تەقینەوەی ئامێرەکانی پەیجەر-ی لوبنانەوە نییە.